کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:43 20-5-2007

## بابەتەکەی نەو شێروان مستەفا لەسەر پەرلەمان و یەکەم تاقیکردنەوەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پتای گەندەڵی ... سەباح عەلی قارەمان

**کفری**

لەو ڕۆژەوە کاک نەوشێروان بابەتێکی لە سەر پەرلەمان نوسیوە لە سایتی سبەی بڵاوی کردوەتەوە



چەند کەسێك بە بێ هیچ بە لگەیەك نوسینی جۆراو و جۆر لە کوردستان نێت بڵاو دەکەنەوە هەموو ئە و نووسینانەمیش خوێندوەتەوە وە خوێندنەوەیەکی وردم لە سەری کردوە من ئەوەندەی تێگەیشتوم لە مەبەستی نوسینەکانی ئەو بەڕێزانە ئەوەیە کە ئەوانیش سەر بە حزبێك لە حزبە کانی کوردستانن یان بەرپرسێکی گەندەڵن چونکە ئەگەر ئەو بەڕێزانە ڕاست دەکەن و دڵسۆزی میللەتی کوردن بۆ چاویان لەو هەموو ڕاو ڕوتەی بەرپرسەکان کە لە خەڵکی کوردستانی دەکەن نوقاندوە ئەی بۆ باسی ئەو بەرپرسە دەسڵات دارانەی ئەمڕۆ ناکەن کە بودجەی میللەتیکی ئەنفالکراو و کیمیا بارانکراوی کوردستان حەپەلوش دەکەن بەرپرسەکان سبەینی لە بەردەم مێژوودا چی بە خۆیان ئەڵێن مێژوویی چیان بۆ خۆیان تۆمارکرد غەیری گەندەڵی نە بێت خەڵکی کوردستان چاوەڕێی بەدیلە ئەگەر سبەینێ بەدیلێکی دیموکرات خوازو گۆشکراوی ئازادی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی وهتد... خۆی بە کۆمەڵگەی کوردی بناسێنێ ئەوە هەموو میللەتی کورد جگە لە بەرپرسە گەندەڵەکان و دارو دەستەکانیان دەنگی پێ دەدات وحوکمی وڵاتیش بەڕێ وە دەبات بەڵام تا ئێستا ئەو بەدیلە نیە ئەگەر هەبوایە ئەوە دڵ نیاتان دەکەمەوە کە ئەمانەی ئێستا حوکمی وڵات دەکەن هەموویان سزای گەل بەسەریاندا ئەسەپێنرێ جامەبەستی من لەم نوسینە ئەوەیە کە ئێستا کەسێکی شۆڕش گێڕی سەدەی ڕابردوو ئێستاش کە کاک نەوشێروان مستەفایە دەستی لە گەورەترین پۆست هەڵگردوە ئەمە لە کاتێکدایە هیچ بەرپرسێکی ئەم وڵاتە نیە بە ئاسانی پۆستەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ بۆ کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ مەگەر مردن لە پۆستەکانیان لایانبرێت باشە ئێمەمانان بۆ پشتگیری کەسێکی وەکو کاک نەوشێروان نەکەین و هەموومان لەدەوری کۆبینەوە شۆڕشێك دروست بکەین بۆ ئەوەی چیتر کەس حەقمان نەخوات و داهاتی میللەت بۆ میللەت بێت و یاسا سەروەری هەموان بێت و ئازادی دیموکراتی بکەینە مەشخەڵ، باشە من ئەپرسم لەو بەڕێزانەی کە چەند بابەتێکی بەگوماناویان نوسیوە لەم سایتەدا. ئایە نەوشێروان بۆ دەسەڵات وازی هێناوە؟ من ئەڵێم نەخێر چونکە ئەگەر کاک نەوشێروان بیری لەوە بکردایەتەوە قەت وازی لە دەسەڵات نەدەهێنا و ئەویش وەکو بەرپرسەکانی تر کارەبای 24 کات ژمێری و خانوی نهۆم بەرزو مۆنیکاو حیمایەی قیتاری و زەوی دابەشکردن بەسەر خزم و کەسی خۆیداو دەرچونی هەموو ڕۆژێك لە شاشەی tv قسەی زل و بریقەدار وبەڵێنی درۆ و جادەی دوسایدی تایبەت و هتدی. دەکرد بۆ نەی دەتوانی ئەمانە بکات و گوێی خۆی لێ کەڕبکات. ئەوەندەی من خوێندنەوەم بۆ پیاوە کردبێت ئەمەیە ئەو پیاوە ڕقی لە کەسانی ماستاوچی عەشیرەت باز و دز و ناوچەگەرێتی کردنە ڕەنگە هەندێك کەس بڵێن ئەم بابەتەی بۆ ماستاوکردن نوسیوە من وەکو خۆم پێویستم بە هیچ بەرپرسێك نیە وەئیستاش کاک نەوشیروان وەکوو خەم خۆرێکی میللەتەکەی کاردەکات نەك وەك بەرپرس. خانەوادەی من خاونی 15 شەهیدی سەربەرزە بە براشەهیدەکەشمەوە دایکیشم 25 کەسی لە براو خوشك و خوارزاو برازای ئەنفالە وە ئیستاش من ئامادەم لە پێناوی نەمانی گەندەڵی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:43 20-5-2007

ببمە قوربانی پێویستیشە نوسەران و ڕۆشنبیرانی بە ئیوژدان دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەمان لەوپەتا کوشندەیەی سەرتانی گەندەڵیەی کە لەکوردستاندا ڕۆژبە ڕۆژ لە زیاد بوندایە بەبێ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە ئەونەخۆشیە لە ناو ببرێت هەق بوو ناوی کۆمپانیای وشە ناو بنرایە تاقیگای دروست کردنی چارەسەری گەندەڵی. وەکو بینیمان یەکەم تاقیکردنەوەی کە لە سەر پەرلەمان بوو ئەویش نوسینی ئەو بابەتەیە بوو کە لە سایتی سبەی بڵاوی کردەوە بەڵام ئەو تاقیگەیە پێویستی بە یارمەتی کەسانی شارزاوئەکادیمی و پسپۆرهەیە بەتایبەتی ئەو پسپۆرانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن دەسەڵات پشت گوییانی خستوە تاکو چارەسەر بۆ ئەو پتا کوشندەیە بدۆزێتەوە. جێگای خۆیەتی دەست خۆشیش بکەین لە و نوسەر و ڕۆشنبیرانەی کە بە ئیوژدانانەوە ڕاستێکان بۆ خەڵك ڕون دەکەنەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.